# شەوارەی شەوانەی سەفەر

## بیرەوەری



**کاظم قادر**
Kazmkader72@yahoo.com

ئەم کەشتییە بە کەنار ناگات..نا
ئەم سەوڵە بەرگەی ئەم تەقەلایە ناگرێت...نا
کەنگێ زە مین بوو بە زەریاو
زەریا ..کەنگێ هێندە ڕەزا تاڵ بوو
ئەوێ ڕۆژێ باوەڕێک بە کەنار نەبوو..نا
کەس زەریای خۆشنەدەویست..کەس...

**بەشی چوارەم**

www.dengekan.com
8/29/2007

پاشان هەستاین و وەک کوێرترین بوونەوەری شەوارە کردوو کە هیچ لە بارەی شوێنەوە نازانێت بەڕێکەوتین.هیچ شوێنێکمان نەدەزانی و نەدەناسی،بە هەر کوێداو ڕووەو هەر لایەک بڕۆیشتینایە بە مەزەنەو گۆترە بوو.شەوەزەنگ..جەنگەڵستان..شاخ..نابەڵەدی خەمێکی گەورە بوو.

تاریکی ناو دارەکان زووڵمەتێکی کووشندە بوو هیچ بەر پێی خۆمانمان نەدەبینی.هەر یەکێک دارێکمان گرتە دەستەوەو بە شەوو کێو کەوتین.

بە ڕاستی دۆخێکی تاڵ و پڕستەم بوو،لە هەر کات و ساتێکی دڵتەنگی دڵتەنگتر بوو.بیرم دەکردەوەو دەمگوت چۆن و بە کوێدا بڕۆین! دڵتەنگی و گەمارۆ خواردوو لە نێو شەوو کێوو جەنگەڵدا،هەستی هاوارێکی پڕژان و نەفرەتی لە گەروو دەروونمدا جۆش دەدا،دەمویست پڕ بە شەوو تاریکی و جەنگەڵستان هاوار بکەم و بقیژێنم! ترسی هیچ شتێکم نەبوو،بوڵام هەستم بە ستەمێکی بێئامان دەکردو داخی دەکردم! نەفرەتم لەم یاساو ڕیسایە دەکرد کە لەو شەوەزەنگە ڕەشترو کوێرتربوو.من دەمزانی ئێمە چەند مرۆڤ لە بێتاوانترین مرۆڤەکانی دنیا بووین،بە بێئەوەی هیچ تاوان و خراپەکارییەکمان کردبێت بە چی ستەمێکدا دەڕۆیشتین! شەو قووتمانی دەدا ..شەوارەبوون کوێرمانی دەکرد..شاخ ملمانی دەشکاندو هەپروون بە هەپروونمانی دەکرد.

شەوو شەوارەبوون ئەگەرچی بوونەوەر ووڕوکاس دەکات،بەڵام دیوێکیتری بۆ من ورووژاندن و تێرامان و بیرکردنەوە بوو،ئەو شەوە ئەگەرچی یەکێک لە شەوە ساردەکانی ژیانم بوو،بەڵام بە لامەوە شەوێکی پڕ بایەخیش بوو.

شەوەزەنگێک کە تێیدا شەورە بووم و هیچم لە بارەی شوێنەوە نەدەزانی، دەمویست ئیرادەی خۆم بخەمە بەر تاقیکردنەوەو ڕێگا دەرکەم..ڕێگایەک کە هیچ ڕێگایەکی نەبوو! شەوێک بوو تێیدا بیرم دەکردەوەو دەمویست باکم لە هیچ شتێک نەبێت.دەمویست زیاتر لە هەر کاتێکی یاخیبوونم یازیتربم، وەک یاخییەکی کێوی و کوێر تەنها بە بۆن ڕێگاکان بدۆزێتەوە!

یاخیبوون ئەگەرچی بۆ ئامانجی بچووکیش بێت بەڵام ماناو دەلالەتی گەورەو سەنگینی هەیە،مانای تەحەداکردن و نەفیکردنی بە نەگۆڕکراوەکان.

ڕێمان دەکردو دەڕۆیشتین..من هەمیشە لە پێش ئەوانەوە دەڕۆیشتم و ئەوانیش وەک چەند بێچوویەکی سەرگەردان و ماندوو،کاتێک دایکێک هەست بەمەترسی لە سەر بێچووەکانی بکات و بە بێویستی ئەوان لە شوێنی مەترسیدار دووریان بخاتەوە..دوام کەوتبوون!

زۆر جار بانگیانم دەکردو ئاگەداریانم دەکردەوە ئاگایان لە خۆیان بێت بە پێوە خەویان لێنەکەوێت،چوونکە مرۆڤ لە شەوگەڕانە تاقەت پروکێنەکاندا بە ڕێوە خەوی لێدەکەوێت و بە لادا دێت.

لەو شەوەدا تەنها دەلیلی من ئەستێرەکان بوو..ئەستێرەکانی حەوتروانە. کە لە کامپەکە ڕامانکردو لە سەر یەکەم شاخ پشوومنادا،من سەیەی ئاسمنان و ئەستێرەکانم کرد! ئەستێرەکانی حەوتەوانەم دۆزییەوەو کردمە ڕێنوما.ڕووەو ئەو شوێنەی کە گوایە ئەسینای لێیە بڕۆیشتینایە، حەوتەوانە دەکەوتە لای دەستە ڕاستمان،ئیتر دامنابوو هەر بەو ئاراستەیە بڕۆین،هەرچەندە بە تێپەڕبوونی کات ئەستێرەکان بەو شێوەیە نامێنن و دەکەونە لایەکیترەوە،بەڵام من دەمتوانی بیانکەمە ڕوگەنمای مەنزڵ و ئەو شەوە زووڵمەتەی پێشەق بکەم!

لە زۆر شوێندا دەکەوتینە سەر جادەی خۆڵی پێچاوپێچ و بۆ سەر شاخەکان دەڕۆیشت.ئەو جادانە ئەگەرچی بۆ ئێمە ڕێکردنی خۆش بوو، بەڵام لەلایەکیترەوە دەبووە هۆی سەر لێشێوانمان،چوونکە لە زۆر شوێندا دەبوونە چەندین ڕێگای یەکتر بڕو هەر یەکێکیان بە لایەکدا دەڕۆیشت.

دەبوایە سەیری ئاسمانم بکردایەو ئینجا یەکێکیانم هەڵبژاردایە! هەنێجار هیچ یەکێکیان بەو ئاراستەیەدا نەدەڕۆیشت کە ئێمە مەبەستمان بوو،ناچارهیچ ڕێگایەکمان نەدەگرت و بە شاخ و جەنگەڵەکەدا دەڕۆیشتین تاکو ئەستێرەکان بکەونە لای دەستە ڕاستمانەوە!

زۆر جار شەوارەم دەکردو نەمدەزانی بە کوێ و بە کاملادا بڕۆین؟ مرۆڤ ئەگەر شارەزاش بێت کاتێک شەوارە

بكات، شوێنەكان وەک خۆی نابینێت و هەموو لایەكی لا پێچەوانە دەبێتەوە، هەروەها ئەگەر شارەزاش نەبێت ئەوا زۆربەی كاتەكان لە كوێری و شەوارەدایت.

لە هەموو حاڵەتەكاندا من بۆ ئەستێرەكان دەگەڕام، لەوكاتانەدا كە شەوارەم دەكردو خۆمان و ئاسمان و ئەستێرەكانم وون دەكرد دادەنیشتین، مرۆڤ كاتێک شەوارە بكات پێویستە دابنیشێت و بیر بكاتەوە، ئەگەرچی من شارەزای شوێنەكەش نەبووم، بەڵام هەر چۆنێک بوایە دەهاتمەوە سەر خۆم و گومانم لەو ئاراستەیە نەدەما كە مەبەستمان بوو.

شەوارەكردن و دانیشتن و ڕامان لە ئەستێرەكان بووبونە بەشێک لە ژیانی ئەو شەوەمان.لەو شەوزەنگەدا كە دنیا ئێمەی لە بیر كردبوو لە نێو تونێلی زووڵمەتی شەودا، شەقاوی شەوارەبوون و كوێرایەتیمان دەناو هیچ ڕێبەرێكمان نەبوو، من لە ئاسمان و ئەستێرەكان ڕادەمام و هەستم بە مانایەكی جوان و مەزن دەكرد لەو ڕامانە.وەكو ئەستێرە پەرستێک لە سەر لوتكەی شاخێكدا دەوەستام و سەیری ئەستێرەكانم دەكردو دەمویست ڕێبەریم بكەن...

كات تێدەپەری و شەكەت و بێحەوسەڵە دەبووین، ڕێكردنێكی كووشندە دەڕۆیشتین.بە نێو هەموو جەنگەڵ و دارو بەردێكدا دەڕۆیشتین و بە هەموو شاخ و هەڵدێرو هەورازێكدا هەڵدەزناین."بەچكەكانم" لە شەكەتی و بێتاقەتیدا زۆرجار دەیانگوت با لێرەدا بخەوین، بەچكەكان ئاوان..كە هیلاک بن دەوەستن و كە خەویشیان هات دەخەون.بەڵام دایكەكان بیر لە شوێن و مەترسیەكان دەكەنەوەو تاكو نەگەنە ئارام و بێمەترسی ناوەستن و لا نادەن...

ڕۆژێک بۆ ڕاو ڕۆیشتبووم هێندەی نەمابوو خۆر ئاوا بێت، لە سەر بەرزاییەک دانیشتبووم و خۆم حەشار دابوو بە دووربین سەیرم دەكرد، ئاسكێكم لە شوێنێكی بەرزاییدا بەدیكرد..دایكە ئاسک وەک عادەتی سروشتیی خۆی سەیری هەموو لایەكی دەكردو دەیویست دڵنیا بێت كە هیچ مەترسییەک لە گۆڕێ نییە.بەڵام منی نەدەبینی و هەرگیز نەیدەتوانی من ببینێت! من ڕاوی بەچكەكانیم دەكرد چوونكە پارەی دەكردو منیش بێپارەبووم. دوای یەک دوو دەقە بەچكەیەكی بچووک كە تەمەنی بە سێ ڕۆژ نەدەگەیشت، بە دوایدا هاتە سەر بەرزاییەكە، بەچكەكە كەمێک وەستاو ئینجا خۆی بە زەوییەكەداداو خەوت، ئەو نەفام بوو چووزانێت مەترسی چییەو ڕاوچی چییە!

دایكە ئاسكیش ئاژەڵێكی هێندە نەفام و نەزان نییە بەچكەی شیرینی خۆی بە سەر شاخێكەوە بخەوێنێت كە ڕاوچی ئەوسەری دنیا ببینێت.من دەمزانی دایكە ئاسک دەیویست بەوێدا تێپەڕێنێ و بیبات بۆ شوێنێكیتر بیخەوێنێت كە لە بیروخەیاڵی خۆیدا دانابوو! هەروەها منیش ئەوەم دەزانی كە ئەوە شوێنی خەوتنی ئەو نییەو دایكە ئاسک لێیناگەڕێت لەوێدا بخەوێت.بەڵام كەم دایكە ئاسكیش هەیە هەڵەی ئاوا گەورە بكات و كۆپەی خۆی بە شوێنیكی وا بەرزدا بباو ڕاوچی ئەوسەری دنیا ببینێت!لەوە دەچوو دایكە ئاسكیش تەمەنی یەک ساڵ بووبێت و ئەوە یەكەمین نۆبەرەی بێت، چوونكە ئەو كارە نیشانەی كەم ئەو بووا!

دایكە ئاسک كە بینی بەجكەكەی خەوت، یەكسەر گەڕایەوە لایو پۆزو لوتی پێوە دەژەنی تاكو هەڵیسێنێ و دوای بكەوێت!بە زۆر هەڵی دەستاندو خۆی دەكەوتە ڕێ و تاكو ئەویش دوای بكەوێت، بێچووەكە كەمێک دوای دەكەوت..چەند هەنگاو..دیسان خۆی بو زەوییەكەدا دەداو دەخەوتەوە! دایک دەگەڕایەوەو جارێک بە لوت و جارێک سمی تێوە دەژەنی تاكو دیسان هەڵیسێنێتەوە..ئیتر ئەم نمایشە چەند جار..دووبارە بووەوە!

ئەگەرچی من بە بینینی بەچكەكە دڵخۆش بووم و یەک دوو هەزار دینارێكی بۆم دەكرد، بەڵام هێندەش بێتاقەت دەبووم و لە دڵەوە دەهەژام و دەگریام!! بەڵام من چیم بكردایە؟! ڕاوچی بووم و ڕاوچیش ڕۆژێک لە حەفتەكانی دڵڕەقی و بێڕەحمییە...!

خەریک بوو ڕۆژ ئاوا دەبوو ئیتر نەدەكرا چاوەڕێبم، چوونكە تاریک دادەهات و لێم وون دەبوون، هەستام و بەرەو لایان ڕۆیشتم، دایكە ئاسک كە منی بینی ئەو ناوەی بە جێهێشت و ڕۆیشت، گەیشتمە لای بەچكەكە سەرمكرد لە شیرین خەودایە..زۆر كۆرپە بوو لەوانە نەبوو ئەگەر بەئاگاش بێت بتوانێت ڕابكات، هەڵمگرت و دوو سێ ماچم كردو خستمە باخەڵم..خۆر ئاوابوو، هاتمە خوارەوەو سواری كەرەكەم بووم و بەرەو ماڵ گەڕامەوە...

سعات گەیشتبووە سێی شەو گەیشتینە سەر شاخێک بە سەر دۆڵێكی پان وگەورەدا دەیڕوانی و شارۆچكەیەكیش لە ناو دۆڵەكەدا بوو، لای دەستە چەپی شارۆچكەكە دەریاچەیەک دیار بوو، كە ئێمە هەم نەماندەتوانی بپەڕینەوەو هەم ئەگەر بە سەر شاخەكەداو بە دەستە چەپدا بڕۆیشتینایە ،

پشتمان دەکەوتە ئەستێرەکان و پێم بوو بە هەڵەدا دەڕۆین.بەو بەریشەوە کە دەکەوتە پشتی شارۆچکەکەوە تارمایی شاخێکی هەرە بەرز دیار بوو، لەوە دەچوو هیچ ڕێگەیەک بە وێدا نەڕوات.

بە سەر شاخەکەوە دانیشتبووین و قسەمان دەکرد،بێچووەکانم گوێیان لە قسەو بۆچوونەکانی من دەگرت و قەبوڵیان دەکرد..ئەوان لەوە شەوارەتر بوون کە خۆیان هەستیان پێدەکرد!

سەرمامان بوو جلەکانمان شەونم و ئاونگی سەر گیاو پووشەکان تەڕی کردبوو،برسیمان بوو کیسەی نان و تەماتەکەمان کردەوەو ملّچەملّچ نان و تەماتەمان دەخوارد،کەمێکمان لە خواردنەکە هێشتەوە بۆ جارێکیتر.

من پڕبووم لە خەم و ئارەزووی جگرەکێشان،هەرلەوێداچەندینجگرەمبەسەیەکەوەکێشاولەگەڵ دووکەڵەکانی هەناومدا تێکەڵ دەبوون و کزەی ساردی شەو دەیبردن و وەکو ئێمە لەنێوشەوو کێوو جەنگەڵدا وونی دەکردن.جگەرە..بۆ ئەو شەوە ساردو دڵتەنگ و بێڕەحمانە کە پڕە لە شەوارەبوون و کوێرایەتی،هاودەم و ئارەزوویەکی بەتینم بوو.ئەو شەوە هەمیشە جگەرەیەکم بە لێوە بوو،لە نێو تاریکستانی شەودا وەکو دڵۆپێک ئاگر تیشکێکی کاڵ و خەکاوی دەخستە سەر ڕۆخساری تاڵ و خەماویم و تاریکی شەوی لە ڕووی ڕۆخسارێکی ماندوو ڕادەماڵی کە شەوارەبوون قووتی دەدا.

شەوێک هاژەی دەهات لە گۆرانی و شیعر..ئەو سرودەی ئازارەکاندەگێڕیتەوەو کوێربوونەکانی شەوارەبوون..ئەو شیعرەی هەنگاو هەنگاو.. ترپەکانی دڵی ئێمەی دەنووسییەوەو وەک چامەیەک ناکۆتا والا دەبوو.. شەوێک وەک هاواری کەمانێک،خوێن لە گەرووی نۆتەکانێوە بڕژێت.. شەوێک ئێمە تێیدا دەڕژاین..تێیدا دەشکاین و پارچە پارچە دەبووین...

دوایی بەو ئەنجامە گەیشتین ئەگەر بەم شێوەیە بڕۆین بە هەڵەدا دەڕۆین، بۆیە بەو شوێنەدا کە پێشتر پێیدا هاتبووین گەڕاینەوە،لەوێ کۆنە ڕێیەکی خۆڵمان بینی کە بەلایەکیتردا دەڕۆیشت،بەڵام ئێمە بەوێدا نەڕۆیشتین، گوتمان ئەمجارە بەوێدا دەڕۆین.

ماوەیەک بەو ڕێیەدا ڕۆیشتین هەستم دەکرد بە لای دەستە ڕاستدا دەشکێینەوە،وەک بەرەو لای کامپەکە بگەڕێینەوە وابوو.لە بەر ئەوە ئەو ڕێیەشمان بەرداو بە قەد پاڵێکی زۆر سەختدا بەرەو نێو دۆڵێک خواربووینەوە،پێم وابوو ئەوە ئەو ئاراستەیە بوو کە ئێمە مەبەستمان بوو. کات درەنگ بوو ئەستێرەکانیشم بە ئاسانی و وەکو ئێوارە نەدەدۆزییەوە، ئەوانیش لە گەڕان و سووڕانەوەی ئەزەلی و ئەبەدی خۆیاندا بوون و لە دۆڵ و شیوە قووڵەکاندا نەدەبینران،هەروەها لە هەر شوێنێکیشدا بمبینایەن نەمدەتوانی وەکو ئێوارە باوەڕیان پێبکەم،چوونکە لە هەمان شوێندا نەدەبینران..ئیتر باوەڕم بە ئەستێرەکانیش نەما...!

ماوەیەک ڕێمان کردبوو هەستمان کرد دەنگی سەیارە دێت،دەنگێکی نادیارو دوور کە نازانیت لە کوێوەیە.ئێمە هەر بەردەوام بووین لە ڕێکردن،بە بێ ئەوەی هەست بکەین نزیکی جادەکە بووینە،لە پڕێکدا خۆمان لە سەر جادەیەکی قیرتاو بینییەوە.

ئێمە لە ئێوارەوە دەمانویست جادەیەکی قیرتاو بدۆزینەوە،چونکە بە بێ دۆزینەوەی جادەی قیرتاو بە هیچ شوێنێک نەدەگەیشتین.دۆزینەوەی جادەکە یەکسەر گوڕو تینێکی نوێی پێمان بەخشی.جادەکە وەکو هێڵێک ئاراستەکەی ئێمەی دەگۆڕی،واتە بە پێچەوانەی ڕێڕەوی ئێمە بوو.بە لای دەستە چەپدا بۆ شارۆچکەکە دەڕۆیشت،هەر وەها بە لای ڕاستیشدا بە پێی لێکدانەوەو وێنا کردنەکانی من،بەرەو لای کامپەکەی دەبردین،بەڵام گوتم دەکرێت ئەم جادەیەش بچێتە سەر جادەیەکیترو بەو لایەدا بشکێتەوە کە مەبەستی ئێمەیە،ئیتر بە لای دەستە ڕاستدا وەرسووڕاین و بە ڕێکەوتین.

دۆزینەوەی جادەکە بڕێک ئاسودەی کردین،خۆش ڕێمان دەکرد وەکو ڕەوت و یەرغەی وڵاخی بەرزە..تەکان جۆرێکیتری ڕێکردنە،بەڵام ڕەوت و یەرغەکردن تایبەتە بە ئەسپ و ماینی باش و خۆشڕەو،ئەو جۆرە ئەسپ و ماینانە لای خاوەنەکانیان خۆشەویستن و سوارەکانیان هەمیشە کەیف سازو بەرزەدەماخن..ئێمەش بە جادەکەدا بە ڕەوت و یەرغە دەڕۆیشتین.

نیو سعات ڕێمان کردبوو ئەم جادەیەش کەوتە سەر جادەیەکی گشتیتر،من چۆن مەزەنەم کردبوو ئاوا دەرچوو،جادە تازەکە ڕێک ئەم جادەیەی دەبڕی و بەو ئاراستەیەدا دەڕۆیی کە گوایە ئەسینای لێیە،"دیارە بە پێی بۆچون و لێکدانەوەی

من"،چوونکه هیج نەخشەو زانیارییەکی دروستمان پێنەبوو.ئینجا کەوتینە سەر جادەکەیترو ڕێکردنەکەمان شێوەی نیمچە ڕاکدنێکی وەرگرتبوو،هەر سەیارەیەک بهاتایە سەر جادەکەمان بەر دەداو دوور دەکەوتینەوە تاکو دەڕۆیشت.جارێک لە کاتی هاتنی سەیارەیەکدا بێچوەکان زۆر بە تووندی خۆیان بە نێو هەندێک چڕەدارا کرد کە بە کەناری جادەکەوە بوو،یەکسەر هاواریان لێهەستا،چوونکە دارەکە دڕکاویبوو یەکێکیان بریندار ببوو هەر هاواری دەکرد...سعات هەشتی بەیانی گەیشتینە نزیک شارێک کە زۆر گەورە نەبوو،بە کەناری شارداو بە نێو دارو دەوەنەکاندا دەڕۆیشتین،لە پڕیکدا کەوتینە نێو هەندێک دارەوە کە من نەدەزانی چیجۆرە دارێک بوو،لە شێوەی پەلکی دار خورماو داری حەیزەران دەچوو،دارەکان زۆر چڕوپڕو باڵا بەرز بوون،بەڵام ئەستوربیەکەی هێندەی پەنجەیەک دەبوو،زۆربەی دارەکان چەمابوونەوەو کەوتبوونە سەر زەوییەکە،ئێمە کە ئاگامان لە سیفەتی لەعنەتی ئەو جۆرە دارە نەبوو پێمان بە سەریا دەنا،دارەکان لە ژێر پێماندا دەشکاو دەنگێکی گەورەی لێوە هەڵدەستا،هەرکسێک لەو نزیکانە بوایە گومانی نەدەما کە چەند کەس لەوێدا شەڕە دەمانچە دەکەن! ماڵەکان نزیکمان بوون،ئێمە لە خشەی مێروولەش دەترساین،کەچی تووشی ئەو بەڵایە بووین،گوتم لە سەر خۆتان هەنگاو بنێن..یەکێک لە بێچووەکان کە پەشۆکابوو هەر چەپۆکانی بوو دەیویست زوو خۆی لەو بەڵایە ڕزگار بکات.

کەمێکیتر ڕۆیشتین و وەکو ڕەوە بەراز بە کەناری جادەکەوە خۆمان خزاندە نێو دارو بژوێنەوە.هەموومان هیلاک بووین و شەکەتی و شەوگەڕانێکی تاڵمان پێوە دیار بوو.جلەکانمان پیس و تەڕوقوڕاوی ببوون.هەر یەک هەندێک جلی خاوێنترمان پێبوو،جلە پیسەکانمان داکەندو فڕێمانداو جلە خاوێنەکانمان لە بەرکرد.هەندێک تەماتەو سەمونمان پێمابوو خواردمان، دوایی چەند جگەرەم بە دوای یەکدا کێشا..ئەمجارەیان دووکەڵی جگەرەو دووکەڵەکانی ناخم تێکەڵ بە بۆن و نەرمەبای تەڕوفێنکی بەیانی دەبوون و بازنە بازنە بە ئاسماندا دەچوون و پرش و بڵاو دەبوونەوە.جگەرە لە بەیانییەکانی خەم و هەروەها بەیانییەکانی شادیشدا خۆش و نەشئەسازە، "هیوادارم هیچ کەسێک جگەرە نەکێشێت"،بەیانییەک بوو دەکرێت بڵێم بەیانییەکی ئازاد نەبوو بۆ ئێمە.لەو بەیانییەدا کە زەردەی خۆر پرچی زەردباوی خۆی بە هەموو لایەکدا پەخش و واڵا کردبوو هەموو بوونێکزەردیی بەیانی گرتبوو،دەکرا پۆلیس"ئەو ڕەمزو قیافەو قەوارە نامۆیە" ئێمەی بگرتایەو دوای ناشیرینترین سووکایەتی و گاڵتەپێکردن ئازاردان، کەلەپچەیان بخستایەتە دەستمان...

لێگەڕێن بەیانییەکان ئازادبن..لێمگڕێن با لە سەر ئەو خاک و خۆڵە ڕاکشێم و سەیری ئاسمانی زوولاڵی بەیانی بکەم..لێگەڕێن با بفڕم و هەرچی تیشکی خۆر هەیە لە باڵە تەڕو تەزیوەکانم بدات..با هەموو سەر زەمینی بەیانییەکان بفڕم و ماچ بکەم..فڕین ئەگەر خەون و خولیای مرۆڤەکان بێت .. با..تەلبەندو دڕکە خوێناوییەکانی سنوور بشکێنین.. ئازادی ئەگەر سەرزەمینی فڕین و قاقاو شادیە گەورەکان بێت..لێگەڕێن با هەموومان ئازاد بین...

دوایی کەوتینە گفتوگۆوە ئایا جیبکەین؟ هێشتا هەر بە پێ بڕۆین یاخود بچینە نێو شارەوەو هەوڵی گرتنی تاکسی بدەین؟ ڕاستییەکری کەسمان حەوسەڵەی ڕێکردنمان نەمابوو،بۆیە بە ناجاری بڕیارماندا بچینە نێو شارەوەو هەوڵی گرتنی تاکسییەک بدەین.

هاتینە سەر جادەکەو دوو دوو پاش و پێشی یەک بەرەو نێو شار بە ڕێکەوتین،کە بە سەر جادەکەدا دەڕۆیشتین خەڵک دەمانی بینی،بەڵام ئێمە ئاسایی دەڕۆیشتین و گوایە لە هیچ ناترسین! جلەکانمان کەمێک باش بوون،هەروەها سەریشمان شانە کردبوو ئەگەرچی پیس و پڕی وورده شت بوو.بە سەر جادەکەدا دەڕۆیشتین تراکتۆرێک کە چەند کەسی لە سەر بوو، دیار بوو بۆ سەر کارو کێڵگەکانیان دەچوون،گەیشتنە ئاستی ئێمەو دەستیان بەرز کردەوەو سڵاویان کرد،من حەزم نەدەکرد کەس سڵاومان لێبکات..دەترسام برایەک خووشکێک لەوان پۆلیس بوایە!

گەیشتینە نێو شارو چاومان بۆ دوو شت دەگێڕا: پۆلیس و تاکسی،دوو شتی ناجۆرو دوور لە یەک،یەکێکیان ئێمەی دەگرت و ئەویتریان ئێمە دەمانگرت،یەکێکیان زیندانیمانی دەکردو ئەویتریان ئازاد.باش بوو ئەوەی یەکەممان تووش نەهات،لە دوورەوە چەند تاکسیمان بینی وەستابوون، بە دوو دڵییەوە بەرەو لایان ڕۆیشتین،دیارە زمانیش نازانین،چوومە بەردەم یەکێک لە شۆفێرەکان و بە ئاماژەو دەربڕینی ناوی ئەسینا ،تێمگەیاند بۆ ئەسینا دەڕۆین ئایا دەمانبەن؟ سەیرێکی قەدوباڵامانی کردو بە سەر لەقاندن گوتی بەڵێ.لە کامپەکە جەند ووشەو هەندێک لە ژمارەکانم بە زمانی یونانی لە بەر

کردبوو،وەکو"پۆسۆ" یانی چەندو"لفتە"یانی پارەو هتد..هەردوو ووشەکەم پێکەوە لکاندوو گوتم پۆسۆ لفتە! گوتم شتێک هەر دەردەچێت و تێدەگات..ئەویش قەڵەم و کاغەزێکی دەرهێناو نووسی 100 یۆرۆ.ئەگەرچی ئەو پارەیە چەند بە قەد کرێی ئاسایی بوو،بەڵام بە لای منەوە 100 فلس بوو!من دەمویست لە دەست پۆلیس و ئەو گورگە هارانە ڕزگارمان بێت،پارە بە لامەوە هیچ بایەخێکی نەبوو،یەکسەر گوتم ئوخەی!

هەر لەوێدا سەد یۆرۆکەی لێمان وەرگرت و گوتی سەرکەون.ئێمە چووینە نێو تاکسییەکەوەو دانیشتین،من حەزم دەکرد خۆیشی سەربکەوێ و یەکسەر بە ڕێکەوین،پۆلیسەو بۆنی کردو پێمانیزانی! بەڵام ئەو پارچە پەڕۆیەکی گرتبووە دەستەوەو جامی سەیارەکەی دەسڕی،لە دڵی خۆمدا دەمگوت سەیارە وەکو بووک پاک و جوانە کەی پێویستی بە خاوێن کردنەوە هەیە! ئەو دەیزانی ئێمە ترسی پۆلیسمان هەیە بەڵام لەوێدا لەو بارەوە هیچی نەگوت،پاشان ئەویش سەرکەوت و بە ڕێکەوتین.

کاتێک سەیارەکە بەڕێکەوت بزەیەکی کاڵ و تاڵ دەکەوتە سەر لێوم و هەم تۆزقاڵێک شادی پێم دەبەخشی و هەم دنیایەک لە ئازار! هەموو شتێکم وەکو خەون پێشچاو دەهات و وێنا دەکرد،بیرم لەو هەموو دەردەسەرییە دەکردەوە کە بە سەرماندا هاتبوو،لە شەوارەبوون بە هەموو ماناو حەقیقەتە تاڵەکانێوە،لە شەوو جەنگەڵ و شاخ و هەناسەو هەنگاوە ماندووەکانمان،لەو هۆکارو یاساوڕێسا پڕوپووچانەی ببوونە هۆی تەرەبوون و کوێربوونی ئێمە.

شۆفێری تاکسییەکە پیاوێکی بە تەمەن بوو،هەندێجار چەند قسەیەکی لە گەڵماندا دەکرد،منیش بەو چەند ووشەیە کە لە بەرم کردبوو فڵتەفڵتێکم بۆی دەکرد..بەڵام نەمدەزانی تێدەگات یان نا.پرسیاری ئەوەشی کرد خەڵکی کوێین،گوتم ئیراک..ئەویش دەستی خۆی وەکو چەقۆ لێدەکردو بە ملی خۆیدا دەیهێناو دەیگوت:سەدام هوسەین! دوایی گوتی خۆ هیچ کێشە– پرۆبلەمێکتان نییە؟ ئەم پرسیارەی فێڵبازانە کرد،ئەو دەیزانی و هەستی کردبوو ئێمە لە پۆلیس دەترسین.بەڵام منیش گوتم :نۆ..نۆ پرۆبلەم...! ئەویش پێدەکەنی و بە پێکەنینەوە قسەکەی منی دووبارە و درێژ دەکردەوەو دەیگوت نۆ..نۆۆۆ پرۆبلەم..ساختەچیبوو...! لە ڕێگا جارێکیتر پەنام بردە بەر ووشەی پۆسۆو گوتم: ئەسینا پۆسۆ کم؟گوتی 150 کم،ئیتر حیکایەتمان نەکرد!

سعات دەی بەیانی گەیشتینە ئەسینا،ئەو شوێنەی کوردەکانی لێبوو نەماندەزانی لە کوێیەو ناونیشانەکەی چییە،تاکو بە تاکسییەکەمان بگوتایە لەوێ دامانبەزێنێت،لە بەر ئەوە لە شوێنێکیتر دایبەزاندین.لەوێ زۆر چاومان گێرا کوردێک یان هەر بیانییەکیتر ببینین و پرسیاری ئەو شوێنەی لێبکەین،بەڵام کەسمان بەر چاو نەکەوت،پرسیارمان لە زۆر خەڵکی ئەوێ کرد کەس وەڵامی نەدەدایەوە،بە چەندین تاکسیمان گوت لە بەر ئەوەی زمانمان نەدەزانی لێمان دەترسان و نەمانیاندەبرد.زۆر ترسی پۆلیسمان هەبوو بمانگرن،لەو سەری هەر کۆڵان و جادەیەکدا پۆلیسمان ببینایە ئێمە بە لایەکیتردا دەڕۆیشتین.چوونکە لەم ماوانەی دواییدا پۆلیس بە ئارەزووی خۆیان و بە بێ هیچ هۆیەک پەنابەرانیان دەگرت و زیندانی دەکرد.هەروەها ئێمەش تازە بووین و سەرو سیمامان لە خەڵکی شاری نەدەکرد،بەڵکو ڕۆخسارو قەوارەی مرۆڤگەلێک بووین هەموو دەردو ژانەلانی شەوگەڕی و شەوارەو ئاوارەیی و نامۆیی تێدا بەرجەستە ببوو... پەنجا یۆرۆمان پێمابوو هەندێ پسکیت و شیرینی و کۆلامان کڕی و لە ناو پارکێکدا دانیشتین و خواردمان.

کەشووهەوای یۆنان هاوینانیش بارانی زۆری لێدەبارێت،ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆ ئاسمان چارەی خۆی بە یەکدادابوو بارانێکی بە خوڕی دادەباراند، سەرباری ئەو هەموو هیلاکی و دەردەسەرییە هەموو جلەکانیشمان تەڕ ببوو ئاوی پیا دەهاتە خوارەوە،وەک دیاردەیەکی بێدەرەتانی بەر باران ئەمسەرو ئەو سەرمان دەکردو باران..بارانبارینی دەکردین! وەک سرووشت بە قەستی ململامنێمان بکاو بڵێت:لە زەریاکانم ڕزگاربوون،بەڵام ئەمجارە عەزابتان دەدەم و ڕەقتان دەکەمەوەو سەرتان لێدەشێوێنم.هەورەکان بە جۆرێک بروسکەیان دەداو دەیانگرمان،وەک بیانەوێت شار خاپوور بکەن و ئێمەش لە نێو بەرن،یان بیانەوێت داخی ڕەنج و ستەمێک کە لە ئێمە دەچوو بە سەر شاردا بڕێژن!

نرکەو ناڵەناڵی ئاسمان پڕ بوو لە ژان و دەردو نەفرەت..وەک نرکەی ڕۆح لەبەرێکی بریندارو پڕجۆش ..خوێن لە بەری بڕواو گینگڵی پێبدات..من هەمیشە وەک باران پەرستێک لە باران و ئاسمان و هەورەکان دەڕوانم و خۆشم دەوێن،حەز دەکەم لە بەر ڕەهێڵەی باراندا ڕاکشێم و بمشواتەوە. ئەو ڕۆژە ئەگەرچی ئەو هەستەشم هەبوو لە قووڵاییەکانی ڕۆحمەوە

هەستی تەڕی و شەڵاڵبوونی ئاووباران ئارامیی پێدەبەخشیم..بەڵام لە لایەکیترەوە جەستەمی دەرچاندو هەراسانی دەکردم،مرۆڤ با باران پرستیش بێت،بەڵام کاتێک بە زۆرو بە بێویستی ڕۆحیی خۆی فرێی بدەنە بەر باران،دەکرێت ڕەزامەند نەبێت..باران پەرستێک خۆی دەزانێت کەی و چۆن و تاکو کەی لە ژێر ڕەهێڵەدا ڕاکشێت...!

ئەو ڕۆژە یەکێک لەو ڕۆژانە بوو کە شتەکان بە بارە سلبیەکەیدا دەشکایەوە،دوور لە شوێنی کوردەکان دابەزین،کەسێکمان نەدەبینی شوێنی کوردەکانمان پێبلێت،پرسیارمان لە خەڵکی دەکرد وەڵامیان نەدەدایەوە،بە هەر تاکسیەکمان دەگوت نەدەبردین،تەلەفۆنمان بۆ چەند ناسیاومان کرد دەیانگوت دوورین و لە شارێکیترین و ناتوانین بێین بۆ لاتان،باران بە خوڕ دەباری و دنیاو ئاسمان شەڕی ئێمەی دەکرد!

زۆرجار ئەو زنجیرە ڕێکەوتە سلبیانەم لە فیلمدا بینیوە کە ڕووبەڕوی پاڵەوانی فیلم بۆتەوە،بەڵام هێند بە دروستم نەدەزانی و دەمگوت بۆ دەبێت ئەو هەموو ڕووداوە خراپانە یەک بە دوای یەکدا بێن و ڕیکەوتێکی ئیجابی تێدا نەبێت؟! بەڵام ئێستا باوەڕم وایە دەکرێت دەیان ڕووداوی سلبی بە دوای یەکدا بێن،بە بێ ئەوەی ڕێکەوتێکی ئیجابی بکەیت.بەڵام ڕاستییەک لە پەیوەند بەو ڕووداوو ڕیکەوتە سلبیانەوە هەیە،ئەویش بریتیە لەو ڕێڕەوو هەلومەرجە کە مرۆڤەکە تێیدا دەژی.

سعات گەیشتبووە چواری دوای نیوەڕۆ یەکێکمان بینی پێمان وابوو کوردە،لێی نزیک بووینەوەو قسەمان لە گەڵکرد وابوو،مەسەلەکەمان بۆ ڕوونکردەوە،لە بەر ئەوە کە ئەو کەمێک زمانی دەزانی توانی تاکسیمان بۆ بگرێت و بۆ خۆیشی لە گەڵمان هات.دوای بیست دەقە گەیشتینە "پارکی کۆماندۆو ئامۆنیا"،پارکی کۆمانۆو ئامۆنیا ناوی شوێنێک بوو لە ئەسینا، کوردەکان بە زۆری لەوێ کۆ دەبوونەوە.

کاتێک لە تاکسیەکە دابەزیم هەستم کرد ڕیک لەو شوێنە گشتیانەدام کە لە کوردستان خەڵکی بێکار لێی کۆ دەبوونەوەو بە یەکدا دەهاتن،بەڵکو زیاتر لە هەراجخانەکان دەچوو لە ڕۆژانی جومعە!سەدان کەس بەو ناوەدا بێسەمەر دانیشتبوون و دەهاتن و دەچون و جگەرەو شتی قاچاخیان دەفرۆشت! پۆلیس دەهات و هەر یەکیک بە لایەکدا بۆی دەردەچوو.هەستم بە نامۆییەکی وێران دەکرد،نەمدەزانی دەبێت چیبکەم..بۆ کوێ بڕۆم و کوێ هی منە؟!هەستم دەکرد من هیچ شتێکم لێرە نییەو مەحکومیان کردووم بەوەی هیچم نەبێت!! نەماڵێکم هەبوو بۆی بچم و دوور لەم جەنجاڵییە دامپۆشێ و نە لە سەر جادەکانیش ئازادیم هەبوو دانیشم و بسوڕێمەوە. لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر هەڵدەهاتم و کەچی دەستم بە باڵ و سەرزەمینی ئازادی نەدەگەیشت! پۆلیس و بێدادیەکان لە هەموو شوێنێک بوون،بەڵام ئازادی و بەهاکانی مرۆڤ لە هیچ شوێنێک نەبوون.

خولیای کۆچکردن بەشێکی زیندووە لە فەنتازیای کۆچبەرو"ئەو کۆچبەرەی بۆ ئازادی زمانی ووشکو لاڵبووە" کۆچ دەکاو کەچی بە ئاسمانی ئەو دوورگەو سەرزەمینە ناگات کە خەونی پێوە بینیوەو خەونی پێوە دەبینێت.

بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە ئازادی وجودی نییە! یاخود چوارچێوەو سنووری بۆ دانراوەو ئەوەش دیسان یانی نەبوونی ئازادی،یانی هەڵکێشانی شاباڵی ئازادی.کاتێک ئازادی ماناو بوون پەیدا دەکات هیچ سنوورو چواچێوەو تەفسیرێکی بۆ نەکرێت،ئازادی یانی ئازادی و نابێت هیچ خاڵێک لەودیویەوە سنووری بۆ دیاری بکات.دەبێت"من" ئازاد بن چیدەکەم چیدەخۆم،جیدەپۆشم و یان ڕووتبم!چۆن بیر دەکەمەوەو بۆ کوێ دەڕۆم و لە کوێ دەژیم.ئازادی دەبێت ڕەها بێت وەک هەوا..وەک چۆن ئێمە هەوا دەمژین و لەو کاتەدا بیر لەوە ناکەینەوە، چۆن ئەم هەوایە دەمژین و هیچ سیستەمێکیش ئەوەی دیاری نەکردووە،کە چۆن و چەند هەوا بمژین..

ئێمە کە لە کامپەکە هەڵاتین بە تەمای ئەوە نەبووین بچینە لای قاچاخچی و پارەی تورکیا-یۆنانی بدەینێ،چوونکە پاش پەنجا ڕۆژ زیندانی و ئەو هەموو هیلاکییە بە ڕەوامان نەدەزانی پارەیان بدەینێ،یان گوتمان کەمێک لەو برە پارەیە دەدەین کە ئەقدمان کردبوو لە گەڵیاندا.هەروەها قاچاخچیەکانی ئێمە کەمتەرخەم بوون لە بەرامبەر ئێمەداو لەو پەنجا ڕۆژەدا هیچ سەردانێکیان نەکردین و پارێزەریان بۆمان نەگرت زوو ئازادمان بکەن.چوونکە چەند وەجبەیتری کۆچبەران دوای ئێمە گیران و بە هۆی پارێزەرەوە زوو ئازاد دەکران،هەروەها قاچاخچی وێنە ناشیرین و ڕەزا تاڵە لە دیدی کۆچبەرانداو هەمیشە دەیانەوێت لە دەستیان هەڵێن و پارەیان نەدەنێ.

بەڵام ئێمە کەوتینە دۆخێکی خراپەوە،هەم پارەمان کەم پێمابوو هەمیش هیلاکی و شەونخوونی شەوارەبوون کوێرو پەرێشانی کردبووین،کەڵکی ئەوەمان نەمابوو تاکو شوێنێک دەدۆزینەوە لە سەر جادەو کارتۆن ڕابخەین و بخەوین.هاوڕێکانیشم هێندە وەڕەس و ماندوو ببوون،هەر دەیانگوت تەلەفۆن بۆ قاچاخچیەکە بکە با بێت بە دواماندا،ئەوان دەیانویست ژوورێکیان دەست بکەوێ و چەند ڕۆژێک تێیدا بخەوەن و بحەوێنەوە.ئەوەبوو تەلەفۆنمان بۆ قاچاخچی کردو هات بە دوامانداو بردمانی بۆ شوقەکەی! کەلاوەیەکی پیس و کۆن و داڕۆخاو بوو بۆگەنی لێهەڵدەستا،لەو جۆرە کەلاوانە بوو کە خەڵکی ئەوێ مانگاشی پێوە ناکات.

دوو سێ ژووری پیس و بۆگەناوی کە دەچوویتە ژوورەوە بۆنی زێرابی لێدەهات،ئاوی تێدا نەبوو لە شوێنێکیترەوە بە جلیکانە ئاویان دەهێنا،کە باران دەباری لە دەیان شوێنەوە دڵۆپەی دەکرد.

ئەو کۆچبەرانەی کە لە تورکیاوە دەگەنە یۆنان، تەسلیمی قاچاخچیەکانی یۆنانی دەکەن و ئەوان دەیانبەنە شوقەی خۆیان و تاکو پارەکانیان حەواڵە نەکەن،بۆیان نییە بچنە دەرەوە،واتە زیندانیان دەکەن! "قاچاخچیەکان کوردن و کەمجار یۆنانیان لە گەڵە"،هەروەها قاچاخچیەکان زۆر بێڕەوشت و سەرسەری و چەقۆکێشن،بە هۆی نابەڵەدی و کەم ئەزموونی کۆچبەران لەو وڵاتانە،بە شێوازی جۆراوجۆر ئیستغلالیان دەکەن و لێیان دەدەن و بە زۆر پارەیان لێدەسەنن.هەروەها تەعدای سێکسی دەکەن و کردوویانە لەو کۆچبەرانەی کە تەمەنێکی کامڵیان نەبووەو بە زۆرو هەلخەڵەتاندن ئیستغلالیان کردوون!!! ئەگەر ڕۆژێک لە عێراق و کوردستان یاساو سیستەمێکی مرۆیی و عەدالەت و حەقخواز بێتە کایەوە،ئەوا دەبێت قاچاخچیەکان بناسرێن و لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ بکرێ و ئەوانەی تاوان و دەستدرێژیان لە سەر ساخ بکرێتەوە،دادگایی بکرێن و سزای خۆیان وەرگرن.

چوار ڕۆژ لەوێ ماینەوە پارەکەمان پێدان و هاتینە دەرەوە.

ناسیاوێکمان هەبوو بیستبوومان "شوقەی" هەیەو گوتبووی هەر کاتێک هاتنە دەرەوە با بێن بۆ لای من.لە ئەسینا هەر کۆمەڵە خەڵکی ناوچەیەک شارێک عەشیرەتێک شێوە زارێک یەکێک لەو کەلاوانەیان داگیر کردووەو بە موڵکی خۆیان و قەبیلەیان دەزانی! ئەگەر ئارەزوویان نەبوایە نەیاندەهێڵا خەڵکی ئاوەکی و غەیرە قەبیلەو بێگانە بێنە ناوی! ئێمەش بە هۆی ئەو ناسیاوەمانەوە ڕوومان لە یانەی قەبیلە کردا!

ئەم کەلاوانە هەرچۆنێک بوایە لەوە باشتر بوو لە دەرەوەو لە سەر جادە بخەوتایەین.بە سەدان کەس هەبوون لە سەر جادەو ناو پارکو پەناو پەسێوەکاندا دەخەوتن و کەلاوەیەکیان بە نەسیب نەدەبووا! کۆچبەران هەندێک ناوی سەیریان لەو کەلاوانە نابوو،وەکو شوقەی جرجەکەو مشکەکەو...هتد،هەڵبەتە پڕبوون لەو جروجانەوەرانە.

مرۆڤ تاکو کۆچ نەکات حەقیقەتەکانی کۆچ نازانێت،وێناکردنەکانی کۆچبەر بۆ دەرەوە ڕاوەستان و تەرکیز کردنە لە سەر شتە جوانەکان،ئەو شتە جوان و خۆش و سەیروسەمەرانەی لە زمانی خەڵکیترو مێدیاکانەوە دەیبیستێ و دەیبینێت،کۆچبەر کاتێک کۆچ دەکات ناتوانێت یاخود نایەوێت ڕەهەندەکانیتری کۆچ ببینێت.ئەو-کۆچبەر هەندێک شتی بینیوەو بیستووە،"درۆبن یان ڕاست" وە تەمەنێک داخ و حەسرەتی بۆ دیتن و کردن و مومارەسەکردنی هەڵکێشاوەو دەبینێت ئێستا کۆچ ئەو دەرگایەی لێدەکاتەوە خەونەکانی بە دیدێنێت،بۆیە لێرەدا فەزای تۆخی وێناکردنەکانی کۆچبەر،ڕاوەستانە لە سەر جوانییەکان و ئامادەیە لەو پێناوەدا قاربانی بدات.

هەروەها وێنەیەکیش کە کۆچبەری کورد لە دەرەوە بە وڵاتی دەدات،زۆربەی جارەکان وێنەیەکی ساختەو نادروستە،ئەو لە بەرگی وێنەو جلوبەرگو دیمەنەکانی دەرەوەدا تەنها جوانییەکانی هەندەران بۆ وڵات بەرهەم دێنێت. من ئەو کۆچبەرانەم دەبینی لەو شوێنە پیسانەدا دەژیان و دەیانخواردو دەخەوتن،ئەوەم بە بیردا دەهات کە چی درۆیەکی گەورە لە گەڵ خۆیان و کۆمەڵگای خۆیاندا دەکەن،بەوەی دەچوونە سەر دەریاو شوێنە جوانەکان و وێنەیان دەگرت و بۆ کەس و کاریان دەناردەوە،گوایە ئەوان ئاوا دەژین و ژیانیان وەک دیمەنی نێو وێنەکانیان جوان و ڕازاوەو ڕۆمانسیە.

هەڵبەتە ئەو درۆو ساختە کارییە هۆکاری خۆی هەیەو پەیوەندی بە کەسێتی و کولتورو سایکۆلۆژی کۆمەڵگەو تاکی کوردەوە هەیەو لیرەدا بابەتی من نییە.

من پڕ بە دڵ حەزم دەکرد لە هەموو ئەو خەرابانەدا وێنەو تەسویرم بکردایەو وەکو دیمەن و بەڵگەیەکی زیندووی

بیرەوەریەکانم ئەرشیفم بکردایە،وێنەی ئەو شەوانەی لە بەر ڕەهێڵەی باراندا دەخەوتم و دەخەوتینو پۆلیس! بە دارو پێلەقەو سووکایەتیکردن دەهاتنە ویژەمان و بە زۆر هەڵمانیان دەساندو دەیانگوت بڕۆن! بەڵام بە داخەوە ئەو دەرفەتەم بۆنەڕەخسا.

مانگێک لەو خەرابەیەدا ژیام نە ئاوی تێدا بوو نە کارەبا،شەوانە مۆممان هەڵدەکردو ئاویشمان لە شوێنیترەوە دەهێنا،بۆ چێشت لێنانیش ئەگەر لە ماڵەوە نانمان بخواردایە-کە زۆربەی کاتەکان لە ماڵەوە نانمان دەخوارد،تەباخێکی بچووکمان دەکڕی بە غاز کاری دەکردو خواردن و چامان لە سەری دەکوڵان،ئاگرەکەی هێندە بێهێز بوو هیچ خواردنێکی بە باشی نەدەکوڵان.هەندێ جاریش بە کاغەزو کارتۆن و پارچە دار ئاگرمان دەکردەوەو چاو چێشتان لە سەری دروست دەکرد،بەڵام ئەوە کێشەی بۆمان دروست دەکردو بە هۆی دووکەڵەوە ماڵەکانی دەوروبەرمان بێزار دەبوون و پۆلیسیان دەهێنایە سەرمان.هەندێجار وەکو گولە هاوەن بەردێک لە لاماندا دەکەوتە خوارەوەو کەس نەیدەزانی لە کوێوە دێت!

لەو کەلاوەیەدا بووین ئێوارەیەک بە بێ خشپەو ترپە کۆمەڵێک پۆلیس وەکو گەلە گورگ دایان بە سەرمانداو هەموومانیان گرت،سەرەتا داوای وەرەقەیان کرد،وەک خۆیان دەڵێن:"خەرتیە"،من خەرتیەم نبوو گوتم لەوانەیە ئەوەی خەرتیەی بێت نەیگرن،کەچی لە پێشدا خەرتیەدارەکانیان قۆڵبەست کرد! دە کەس بووین دوو دوو بە کەلەپچە بەستمانیان بە یەکەوە و بردمانیان بۆ پۆلیسخانە. لەوێ پێیان گوتین ئەگەر لەو خەرابەیە دەرنەچن ئەوا جارێکیتر دیینەوەو دەتانگرین و دەتاننێرینەوە بۆ لای سەدام هوسەین! دوای نیو سعات بەریاندااین و ڕێکو ڕاست گەڕاینەوە بۆ خەرابەکەمان،بۆ کوێ بڕۆیشتایەین..هەموو ئەوانەی ماڵیان نییە پەنا بۆ خەرابەکان دەبەن.

لەم ماوەو ساڵانەی دواییدا پۆلیسی یۆنان هەڵوێست و کاردانەوەیەکی زۆر توندوتیژیان پەیڕەو دەکرد لە بەرامبەر کۆچبەراندا،بە هەموو شێوەیەک کۆچبەرانیان ئازار دەداو دەگرت و زیندانی دەکرد،لە چەند سعاتەوە تاکو چەند ڕۆژو هەروەها چەند مانگ لە زیندان توونددیاندەکردن.هیچ بەهایەکی مرۆیی نەمابوو ژێر پێیان نەنایە.وەرەقەت هەبوایە دەیانگرتی..نەتبوایە دەیانگوت بۆچی وەرەقەت نییە دیسان دەیانگرتی..دەڕۆیشتین بۆ دائیرەی پۆلیس وەرەقەیان بۆمان نەدەکرد،بەڵکو لەوێ سوکایەتیان بە کۆچبەران دەکرد.من یەکجار بۆ پۆلیسخانە ڕۆیشتم،ئەو هەموو سووکایەتییەو نیگای بە سووک سەیرکردنی پۆلیسم بینی.ئیتر بەو ناوەدا نەچوومەوە.

مانگیک لە ئەسینا بوومبۆ یەک سات هەستم بە ئارامی نەکرد،بەڵکو هەمیشە دڵتەنگ و بێحەوسەڵە بووم و هەستم بەوپڕی پێشێلکردنی هەموو ماف و ئازادی و بەهای مرۆییم دەکرد.چی گەوجی و ئەفسانەیەکی گەرەیە لەم دنیایەداو لە سایەی ئەم سیستەمەدا"سیستەمی سەرمایە" بۆ ئازادی بگەڕێیت!

* * *

دوای مانگێک لە ئەسینا ڕۆژێک لە گەڵ دوو برادەریتردا تکتی قیتاری شاری" پاترا"مان بڕی و بەرەو ئەو شارە بە ڕێکەوتین،پاترا شارێکی خۆشی یۆنانەو دەکەوێتە سەر دەریاوە،هەروەها بەندەری کەشتی لێیەو کەشتیەکان لەوێوە بۆ وڵاتانیتر دەڕۆن وەکو ئیتالیاو هتد...

لە ڕێگا لە پەنجەرەی قیتارەکەوە سەیری دەرەوەو دیمەنی ڕەنگینی سروشتم دەکرد،بە ڕاستی جوان و ڕەنگین بوو،هەموو شوێنێک دەشتایی و شاخ و تەپۆڵکە سەوزی دەکردەوە.بەڵام هەستی من هەستی زیندانییەک بوو لە دەلاقەیەکی بچووکەوە سەیری دەرەوەو ڕوناکی و ئازادی بکات.مرۆڤ کاتێک ئازاد نەبێ و لە باری ڕۆحی و دەروونییەوە هەست بە ئازادی نەکات،ئەگەرچی بە هەموو دنیاشدا بسوڕێتەوە بەڵام هەستی ئەو هەستی دیلە،دیلبوون هەر ئەوە نییە مرۆڤ لە نێو چوا دیواردا توونند بکرێت،بەڵکو دەکرێت بە دیوی دەرەوەو لە پانتایی و مەودایەکی بێسنووری سەر زەمیندامرۆڤ دیلبێت و دیلبکرێت،کە بە باوەڕی من مرۆڤایەتی هێشتا دیلەو دیلێتی دەژێت...گەیشتینە پاتراو نزیکی بەندەرو کەشتیەکان بووینەوە،لە پەنجەرەی قیتارەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد،بە کەناری هێڵی قیتارەکەوە دەیان و سەدان کەسم دەبینی و بەو ناوەدا دەسووڕانەوەو چاویان بڕیبووە کەشتیەکان،هەروەها دەیان و سەدان پارچە کارتۆن و جانتاو بەتانی و کیسە

خەوم دەبینی بە سەر هێڵی قیتارەکەوە دانرابوون و کۆچبەران شەوانە بە خۆیاندا دەداو زۆبەشیان هەر لەوێدا دەخەوتن! ئێوارەیەکی درەنگ و غەمگین بوو گەیشتمە ئەوێ،ئێوارەیەکی ڕووت و ڕەجاڵ تێیدا هیچم نەبوو،نە ماڵێک هەبوو ئاوارەییم داپۆشێ و نە کووچەیەکی ئازاد بۆ پیاسەو پەناگەی "غەریبیم"!

من هەمیشە پڕخەم وژان بووم،لە بیرم نایە پێکەنیبووبێتم!